# لاپەڕەیەک لە بەسەرهاتەکانم:



# بەندیخانەی نوگرە سەلمان 1963-1965

مستەفا عەسکەری - سلێمانی

## سەرنجێکی تایبەت :

دیارە ئەم بەندیخانەیە، دۆزەخەکی گەورە بووە، هاوکات دڵۆپەیەک بووە لە دۆزەخەکانی رژێمی فاشیی بەعس و سەدام حوسێن نموونەی: "قصر النهایة، سجنی ئەبوغرێب، بادۆش، موسڵ، بەندیخانەی موسڵ، ئەمنی عامە و بە دەیان بەندیخانەی نهێنی و ئاشکرای مرۆڤ کوژ، سەرەرای دۆزەخە هەرە گەورەکەی ئەنفال و هەڵبجەی شەهید و گۆڕە بە کۆمەڵەکان و...

ئەوەی مایەی زێدە سەرنجە دەبێ بە زووترین کات، ئەو تێکۆشەرانەی ئەو بەندیخانەیان دیوەو شوکر لە ژیاندا ماون، یادداشتی خۆیان بنووسنەوە.

هاوکات رۆماننووس و چیرۆکنووسەکان کوان؟! لە کوێن؟! بەڵێ، کاتی ئەوە هاتووە داهێنەرانە شاکاری گەورە بنووسنەوە و تا لە دوارۆژێکی نزیکدا فیلمی گەورەیان لێ دروست بکرێت.

هاوارە، خاوەن قەڵەمەکان هاوارە، فریا کەون، زەمەن زۆر بە تیژی دەڕوا ؟!

هەر لێرەوە بە گەرمی دەست خۆشی لە تێکۆشەر و پاریزەری ناسراوی گەلەکەمان مامۆستا مستەفا عەسکەری دەکەم کە ئەم بابەتە زێدە بەبەهایەی نووسیوە.

بەڵێ، ئەگەر سیناریۆنووسی چاک هەبێ، ئەگەر فیلمسازی گەورە هەبێ، ئەوە لەم نووسینەی مامۆستا مستەفا عەسکەری و هاوشێوەکانی باشترین فیلمی سیاسی – نەتەوەیی کوردی دروست دەبێ!!

تۆ بڵێی ئەو رۆژە پرشنگدارە بێت...؟! دەخوازین.. !!

سەرنووسەری K21 2010/7/7

## لاپەڕەیەک لە بەسەرهاتەکانم:

# بەندیخانەی نوگرە سەلمان

## 1965-1963

بەندیخانەی نوگرە سەلمان ئەکەوێتە بیابانی باشوری عێراق، بە چوار دەوریدا بیابانە بەدووری سەدەها کیلۆمەتر لە هەموو ئاوەدانیەکەوە دوورە. نزیکەی چوار کاتژمێر لە سەماوەوە دوورە، رێگاکەی هەمووی لمە، زۆر جار ئۆتومبیل رێگای لێ بزر ئەبێ.

ئەم بەندیخانەیە بریتی بوو لە سێ بەش، بەشی یەکەم لەپێشەوە، واتە رووەو رۆژهەڵات، رووی لە گوندی سەلمان بوو، کەلەچاڵێدا بوو، تەرخان کرابوو بۆ بەڕێوەبەرایەتی، بەشی دووەم قەڵایەک بوو، کاتی خۆی جەنەڕاڵ (گڵۆپ پاشا، ناسراو بە (ئەبو حنێچ)) دایمەزراندبوو بۆ پاراستنی سنووری نێوان عێراق و سعودیە، ئەم بەشە حەوشەیەکی بچوک و دوو دەستە خانوو، هەر لایە لە عەردەوە ژوورێکی گەورە، کاتی خۆی دانراوە بۆ هەڵگرتنی زەخیرە و تانکی ئاو، کاتی خۆی بە پەیژە سەرکەوتوون بۆ سەرەوە ژوورێکی تر بۆ ئەو هێزەی پارێزگاری لە ناوچەکە کردوە ئینجا لەسەرەوە بە پلیکانێ چوونەتە خوارێ بۆ ئەو ژوورە کە لە عەردەوە بووە. واتە دوو دەستە وەک دوو قەڵا وابوون، بەڵام لە راستیدا بەهەردووکیان ئەگوترا قەڵا، دوایی لە کۆتایی ساڵانی چلی سەدەی بیستدا ئەم قەڵایەکرا بە زیندان بۆ شیوعیەکان، لە رۆژئاوای قەڵاکەوە زەویەکەی تەخت بوو، (10 ) دە قاوشی لێ دروستکرا بوو، بۆ حەوانەوەی ئەو هێزەی پۆلیس کە ناوچەکەی ئەپاراست، وادروستکرابوو کە هەر قاوشە جێگای (70 ) هەفتا پۆلیسی تێدا ببێتەوە، هەر پێنج قاوش لە ریزێکدا بەرانبەری یەکتر، لەنێوانیاندا حەوشەیەکی گەورە، بەندیەکان تۆپێنیان تێدا ئەکرد، لەو ساڵانەدا کە ئێمە لەوێ بووین، نێوان دیواری قەڵاکە و قاوشەکان فراوان بوو، یاری ڤەلی بۆڵی تێدا ئەکرا، لەلای رۆژئاواوە چێشتخانە دروست کرابوو، جگە لە دەرگای لای رۆژهەڵاتەوە، لای رۆژئاواوەش دەرگایەکی گەورە، کاتی خۆی وا دانراوە ئۆتومبیلی پۆلیس و لۆری باری خۆراک لەوێوە هاتوچۆبکا. بە چوار دەوری بەندیخانەکەدا، بە دووری چوار مەتر دوور لە قاوشەکان شورەیەکی بەرز بەئەندازەی (4) مەتر لەهەر چوار سوچی شوورەکەشەوە قوللە بۆ پاسەوانەکان دروستکرابوو، ئینجا لەسەر شورەکەشەوە تەلی دڕکاوی بەبەرزی مەترێک. لە باکوری شورەکەدا کونێک لە دیوارەکە کرابوو بۆ سۆندەی ئاو، کە بە تەنکەر ئەهات. بەڵام چ ئاوێک، سوێر و شۆر و تاڵ، کەس پێویستی بە دەرمان نەبوو، زەلام هەر لەخۆیەوە سکی ئەچوو..... یەکێک لەهەرە گرفتە گەورەکان ئەوە بوو، ئەبوو ئەم ئاوە کە لە تانکەرەوە بەسۆندە ئەهاتە ژوورێ بەتەنەکە خێرا خێرا بکرێتە ناو تەنکیەوە. ئەم کارە لە هاویندا زۆر قورس نەبوو، بەڵام لە زستان و وەرزی سەرمادا زۆر قورس و ناخۆش بوو، چونکە لە پڕژانی ئاودا جل و بەرگ تەڕ ئەبوو، ئەو بایە ساردەش وەک تیغ زەلامی ئەبڕی، بەنۆرە، هەر رۆژەی قاوشێک (10) دە کەسی تەرخان ئەکرد بۆ ئەم کارە، پێیان ئەگوتن خەفەری ئاو. ژوورێک لەتەنیشت چێشتخانەکەوە تەرخان کرابوو بۆ دەرمانسازی.

لەسەردەمی سەدام حوسێندا

قەڵایەکی تر دروستکرا، شێوەی ئەو قەڵایەی سووسێ، پیرو ژن ومنداڵی ئەنفاکراوەکانیان بردە ئەوێ، ئەم قەڵایە جیاوازە لە قەڵا کۆنەکە، ماوەیەکی باشیش لە نێوانیاندایە. ئەو قەڵا تازەیە زۆر گەورەترە و بەرزترە.

لەوانەی لە روومادیەوە رەوانەی نوگرە کرابووین من بەرقاوشی شەش کەوتم، تاقمێک کوڕی زۆر باشی تێدا بوو، خەڵکی سلێمانی و کەرکوک و هەولێر جگە لە برایانی عەرەب، مامۆستا ئیسماعیل شاکر، کە وائەزانم لەکاتی نووسینەوەی ئەم یادەوەریانەشدا ماوە، هەر تەمەن درێژ بێ و بە تەندرووستی، وێنەکێشێکی دەست رەنگین بوو، مامۆستا جەلال شەریف، کوڕێکی لاو، کەرکوکی بوو، بەرپرسی قاوشەکە بوو، مامۆستا یاسین خێڵانی و چەند کەسێک بەیەکەوە برادەریمان خۆش بوو. جگە لە هاوڕێیانی ناو قاوشەکە، هاوڕێیانی تریش هەبوون پەیوەندیمان خۆش بوو، هەرئەهات و ئەو ژمارەیە روو لە زیادی بوو، بەهۆی ئەوەوە کەیەک لەدوای یەک، تاقمی بەندکراو رەوانەی ئەو بەندیخانەیە ئەکرا. وەک لە یادم بێ : مامۆستای بەڕێز ئەحمەد غەفور، مامۆستا موکەڕەم تاڵەبانی، کاک سەلاحی مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، کاک کەمال ئیبراهیم، کاک ئەکرەم بابان، کاک حەسەن زێوەر، کاک یاسین خەلیل، برادەرێکی کرێکار خەڵکی دەوری هەولێر کاک عەبدوڵای ناوبوو، سامی ئەحمەد، دکتۆر عەبدول سەمەد نوعمان، نەعیم بەدەوی، خەزعەل شەلەش، دکتۆر عەبدولسەلام باڵتە، کاک ناجی باڵتە، خوالێخۆشبوو دکتۆر قوتەیبە شێخ نوری، کاک زوهدی حەمید برای شەهیدی نەمر مەهدی حەمید، کاک جیهان شاوەیس، دکتۆر رافد سوبحی ئەدیب، محەمەد ئەلسەعدی (پۆستەی دابەش ئەکرد) لەو کاتانەدا کە ماوە هەبوو بۆ پۆست بگاتە نوگرە (پێش هاتنی پاسەوانی نەتەوایەتی و دوای رووخانی حوکمی بەعس 1963/11/18 ئەم برادەرە نامەکانی لە بەڕێوەبەرایەتی وەرئەگرت و لە پەنایەکدا دائەنیشت و نامە بە نامە ناوی ئەخوێندەوە و ئەیدایە خاوەندەکەی یان برادەرێکی خاوەندی نامەکە هەموو خەڵکەکەشی ئەناسی، و کەسانێکی زۆر، کە پەیوەندی دۆستایەتیمان بەیەکەوە هەبوو، بەڵام بەداخەوە ئێستا ناوی هەموویانم لەیادنیە. بێجگە لەم هاوڕێیانە کەسانی تریش لە بەندیخانەکەدا بوون، بەهۆی خۆگری و دڵسۆزیەوە ناوەکانیان لەسەر زاری هەموو کەس بوو، وەک عەبدولوەهاب تاهیر، سامی ئەحمەد، خالید حەبیب، نسەیف جاسم ئەلحەجاج، کازم عەلی جەواد، دکتۆر فازل تائی، مامۆستا یەحیا قاف بەتەمەن بەڵام خۆراگر، رستەیەکی هەبوو هەر دووبارەی ئەکردەوە (یحی قاف یقول الحق و مایخاف)، حوسەین عەلی تکریتی، ساحیب حمیەری، ناجی نەهر، مستەفا عەبود، ئیبراهیم جبوری، عەبدول مەلیک عەبود، ئەلفرێد سەمعان، موزەفەر ئەلنواب، سەعدی حەدیسی. ژمارەیەک لەسەرکردەکانی حیزبی شیوعی، هەروەها کادری پێشکەوتووی حیزب کە بەری ئێش و ئازاری دەست بەعسیەکانیان نەگرتبوو لەم بەندیخانەیەدا بوون، وەک عەبدولقادر ئیسماعیل، عەزیز ئەلشێخ............هتد.

نوگرە ئەکەوێتە ناوچەیەکی بیابانەوە، لەبەرئەوە زستانی سارد وهاوینی گەرم، شەوی هاوینی فێنکە، بەڵام رۆژەکەی زەلام ئەبرژێنێ، جارجارە با هەڵی ئەکرد، تۆز و ووردە زیخی ئەهێنا لە دەموچاوی مرۆڤی ئەدا، وەک داخی بکا وابوو، بەڵام بەهۆی تەبایی بەندیەکان و فراوانی بەندیخانەکەوە، لەچاو بەندیخانەکانی تردا بۆ ئێمە شوێنێکی خۆش بوو. جێگای حەسانەوە و خوێندنەوە بوو. ئیشیش رێکخرابوو، رۆژی قاوشێک خەفەری ئاوبوو، قاوشێک خەفەری چێشخانە بوو لە پیاز پاککردنەوە بۆ هەموو کارێکی چێشتخانە، وەرزش ئەکرا هەموو جۆرە یارییەکانی تۆپ و ئاسن و راکردن و سویدی...هتد، ژیانێکی ئاسوودە،

پۆست ئەهات، کەم کەم خەڵک ئەهاتن بۆ سەردانی کەس و کاریان چاویان پێیان ئەکەوت بۆ ماوەیەکی زۆر کورت. بەم شێوەیە ماینەوە تا رۆژێکیان جموجۆڵ کەوتە ناو بەندیخانەکەوە، بەڵێ: شەمەندەفەری مردن (قگار الموت) گەیشتۆتە سەماوە و خەڵکێکی زۆری هێناوە، وا بەڕێوەن بەرەو نوگرە، ئەم هەواڵە لەرێی بەڕێوەبەرایەتی بەندیخانەکەوە زانرا. هۆی ئەم کارە نارەوایە ئەوەبوو کە تاقمێک سەرباز بە سەرۆکایەتی حەسەن سەریع رۆژی 1963/07/03 هەوڵی بەرپاکردنی شۆڕشێکیان دابوو، بەڵام هەوڵەکە سەرکەوتوو نەبوو، لەبەرئەوە هەرچی لە بەندیخانەی ژمارە یەکدا بوون، کەلە ئۆردوگای رەشید بوو، لەگەڵ تاقمێکی زۆر لەوانەی لە بەندیخانەکانی تری بەغدایا بوون، خرابوونە ئەو شەمەفەندەرەوە و رەوانەی سەماوە، پاشان نوگرە کرابوون. ئەوەی لەدواییدا ئاشکرا بوو حیزبی شیوعی نەخشەی دانابوو بۆ بەرپاکردنی شۆرشِێک دژ بە بەعسیەکان. بەڵام ئەو تاقمەی ئۆردوگای رەشید پەلەیان کردبوو لەجێبەجێکردنی ئەم نەخشەیەدا و لە ئەنجامیشدا حەسەن سەریع و تاقمەکەی ئیعدام کران و سەرلەنوێ کارەساتێکی تری گرتن و کوشتن و خوێن رشتن، بەدەستی بەعسیەکان و هاوپەیمانەکانیان دەستی پێکردەوە.

ئێوارەکەی گەیشتنەجێ، خەڵکێکی زۆر وەک بێتەوە یادم نزیکی هەزار کەس ئەبوون، ئەفسەرە گەورەکانی سوپای عێراق، فڕۆکەوانەکان، باشترین پزیشکەکانی عێراق، باشترین مامۆستایانی زانکۆ، پارێزەرانی بەناوبانگ و خەڵکێکی تری زۆرلەوانە وەک بێتەوە یادم، لە کوردەکان عەقید روکن عەلی خالید، دکتۆر عەبدولسەلام باڵتە، دکتۆر قوتەیبە شێخ نوری، موقەدەم کەریم قاسم، دکتۆر رافید سوبحی ئەدیب، رائید نوری مەجید، فڕۆکەوان فەرەیدون عارف، فڕۆکەوان بەهزاد سائیب. ئەمانە هەمووی خزێنراونەتە ناو فارگۆنی بارکردنی ووڵاخ و کەلوپەلەوە، دەرگاکانی بەلەحیم قایم کراون و نووزەی هەوای نەبووە، لەبەغداوە تا سەماوە بەشی زۆریان پەرێشان بووبوون، یەکێکیان مرد بوو( ئەفسەری کورد/ هەولێری تەلعەت نادر)، کە گەیشتبوونە سەماوە دەرگاکان ئەکرێنەوە زۆریان کە هەوای دەرەوە لێیدابوون لەهۆش خۆیان چووبوون، دکتۆر رافد سوبحی ئەدیب هاواری کردبوو، خەڵکی سەماوە خوێیان بۆ هێنابوون، یەکسەر هەریەکە شتێک خوێاوکی کردبوو بە دەمیانەوە تا هاتبوونەوە هۆش خۆیان، بەهۆی ئارەق کردنەوەی زۆرەوە خوێ لە لەشیاندا نەمابوو، فشاری خوێن زۆر نزم بووبووەوە، کە گەیشتنە نوگرە لە دەرگا گەورەکەی لای رۆژئاواوە هێنایاننە ژووری، کە مرۆڤ چاوی پێیان ئەکەوت مچوڕک بەلەشیا ئەهات، ئەم هەموو کەڵە پیاوە، بەم شێوەیە بە رەزیلی، بە تینویەتی، بەبرسیەتی، بەماندوویەتی تووشی ئەم حاڵە هاتبوون، یەکسەر هاوڕێیان لە بەندیخانەکەدا پێشوازیان لێ کردن، ئاویان بۆ ئامادەکردن، هی وایان هەبوو پەرداخە ئاوەکەی ئەخواردەوە سەری بەرزنەئەکردەوە پەرداخیش بە دەمیەوە بۆ ئەوەی دوا دڵۆپی ئاوەکە بخواتەوە، ئینجا هەناسەیەکی قوڵی پڕ ئازاری هەڵئەکێشا، مرۆڤ خۆی بۆ نەئەگیرا، شەوەکەی هەر لە حەوشەی بەندیخانەکەدا بوون، هەرکەسە لەلای خۆیەوە رایەخ و پێخەفی بۆیان هێنا، تا بەیانی وەک بێهۆش وابوون، رۆژی دوایی بەیانیەکەی، دابەشکران بەسەر قاوشەکاندا، من ئەو کاتە سەرپەرشتی چێشتخانەکەم ئەکرد، ئەبوو بەیانیان زوو بچم بۆ سەر ئیشەکەم، نیوەڕۆیان ئەگەڕامەوە بۆ قاوشەکەمان، بایی نان خواردن و پشوویەکی کورت، نانم لە چێشتخانەکە نەئەخوارد، هەر لەتەک ئەو هاوڕێیانەدا کەدابەشکرابووین بەسەرکۆمەڵ کۆمەڵدا هەر پێنج کەس بەیەکەوە، نانم ئەخوارد لە نۆرەی خۆشمدا قاپەکانی تاقمەکەی خۆمم ئەشوشت. سێ ژەمە لە چێشتخانەکەوە هاوار

ئەكرا قاوشەكان بچن نان ببەن بۆ خۆیان، نیوەڕۆكەی كە گەڕامەوە بۆ قاوش سەیرئەكەم قاوشەكەمان جمەی دێ، میوانە تازەكان زۆربوون جێگا بەشی نەئەكرد بە سانتیمەتر، یەكی چل سانتیمەترمان بۆ دانرابوو، جێگای هەفتا كەس بوو بە جێگای سەدوو هەفتا ودوو كەس پاشان ئەو ژمارەیە زۆرتر بوو بە هۆی هاتنی خەڵكی تازەوە. دوای چەند ڕۆژێك ژمارەیەكیان ڕەوانەی سەماوەكران بۆ چارەسەركردنیان لەنەخۆشخانەی ئەوێ، بەڵام یەكێكیان (نوری ئەلونە) كەئەفسەر بوو بە پلەی موقەدەم، خەڵكی موسڵ بوو. لەنەخۆشخانەی سەماوە كۆچی دوایی كرد.

ئەمەبوو كردەوەی بەعس، ئەم هەموو خەڵكە باش و نیشتمانپەروەرەی خستبووە فارگۆنی وولاخ و بارەوە و دەرگای لەحیم كردبوو، نوزەی هەوا نەبێ لەفارگۆنەكەدا، وەك ئەیانگێرایەوە شۆفێری شەمەندەفەرەكە، بەم حاڵەی زانیوە و خێرا لێیخوڕیوە، گەر وانەبوایە، لەوانەبوو زۆربەیان بمرن، ئەم كارە دەنگی دایەوە و ناوی شەمەندەفەری مردن (قگار الموت) بەسەر ئەو شەمەندەفەرەیا برا.

زۆری خەڵكەكە كە ژمارەیان لەو كاتەدا لە سێ هەزار تێپەڕیبوو وای كرد بەئاسانی نان و چێشت ئامادە نەكرێ، زۆربەی ڕۆژەكان، نانی نیوەڕۆ دوائەكەوت تا كاتژمێری دووی پاش نیوەڕۆ، ئەمەبوو بەهۆی بێزاری، ئەوی سەرنج ڕاكێشە خەڵكی بەندكراو زۆر بۆ خواردن سەغڵەتن، هەرچێشتەنگاو هاواری برسیەتی بەرزئەبووەوە. لەولاوش ئاو كێشەیەكی تری درووستكردبوو، سەرەڕای شۆری و گەرمی بەشیشی نەئەكرد، جا هەوڵدرا دەستی پێوە بگیرێ، با خۆشوشتن و جل شوشتن بە ئارەزوو نەبێ، لەنۆرەی گەرماودا هەركەس مافی هەبێ دوو تەنەكە ئاو وەربگرێ، یەكێكیان بۆ خۆشوشتن، ئەوی تریان بۆ جل شوشتن، هەركەسە قتویەكی بچوكی پەیداكردبوو، كە ئەچوو بۆ خۆشوشتن ئەیبرد، بەو قتوە ئاوی بەخۆیدا ئەكرد، ئاوەكە كەم بوو كەڵكی جام بەكارهێنانی نەبوو. گەرماویش بریتی بوو لەریزێك ئاودەست، لەناوەوە چیمەنتۆرێژ كرابوو، یەك كونی تیا بوو، بۆ ئاوەڕۆ، ئەم (10) دە ئاودەستە ژووری خۆشوشتن بوو، لەولاوش بەرمیلێك ئاو بە پەرەمێزی نەوت گەرم ئەكرا، هەركەسە كە ئەچوو بۆ گەرماو تەنەكەیەك ئاوی ساردی ئەبرد نیوەی ئەكردە بەرمیلی سەرئاگرەكە، نیوەكەی تری ئاوی گەرمی تێكەڵ ئەكرد و ئەیبرد بۆ خۆشوشتن. هەر (10) دە ڕۆژ جارێك گەرماو بەرقاوشێك ئەكەوت.

بەیانیان لە چێشتخانەكەوە نان ئەبرا بۆ هەموو قاوشەكان و قەڵاكەش (پەنیر یان كەرە، یان پاقلەی كولاو.....هتد) ئەو ڕۆژەی پاقلە بوایە جەژن بوو، باش تێرمان ئەخوارد، یەك دوو ڕۆژ لەوەو پێش نانەرقە و پیاز ئامادە ئەكرا، نان تێئەگوشرا ئاوی پاقلەی بەسەرا ئەكرا، ئینجا بە پیازەوە بخۆ هەتا تێر ئەبی. نیوەڕۆیان بەزۆری برنج وشلەیەك، ئێوارانیش چی خوا بەنسیبی بكردایە، ئەو گۆشتەی كە ئەشهات نەرمەكەی دائەنرا بۆ ڕۆژانی هەینی یان بۆنەكان، بە برنجی سوورەوە جاروبار هەندێ بادەم و كشمیش، ئێسقانەكانیش بۆ ناو شلەی ڕۆژانە.

تۆپی پێ، قەلی بۆل، وەرزشی ئاسن و لەشجوانی...پیاسە و ڕاكردن هەر بەیانیان لە دوای سەرژمێرەوە هەتا ئێوارە. خوێندن لە نەهێشتنی نەخوێندەوارییەوە هەتا دوا پلەكانی خوێندنی باڵا، ڕۆژانە وانەگوتنەوە هەبوو، زمانەكانی: كوردی، عەرەبی، ئینگلیزی و فەرەنسی بەدەرز ئەگوترایەوە. ژمارەیەك فرۆكەوان، كە لە یەكێتی شووروەوی مەشقیان كردبوو، رووسیان ئەزانی، ئەوانە ئەو كەسانەی ئارەزوویان هەبوایە فێری رووسیان ئەكردن.

بۆ فێركردنی زمانی كوردی بەسێ جۆر وانە ئەگوترایەوە یەكەمیان: بۆ ئەو قوتابیانەی كوردبوون و حەز ئەكرا زیاتر

شارەزای زمانەکەیان بن، یان پلەی خوێندەواریان بەرز بکرێتەوە.

دووەمیان: بۆ ئەو کوردانەی نەخوێندەوار بوون، هەوڵدرا فێری نووسین و خوێندنەوەی کوردی ببن.

سێیەمیان: بۆ ئەو برا عەرەبانەی ئارەزووی فێربوونی زمانی کوردیان هەبوو. من لە تاقمی دووەمدا بەشداریم کرد لە وانە گوتنەوەی زمانی کوردی بەو کەسانەی خوێندەوار نەبوون، لە تاقمی سێیەمیشدا، لەتەک کاک سەلاحی مەلا کەریمدا، برا عەرەبەکانمان فێری کوردی ئەکرد.

وەک جاران باسیان ئەکرد ((بەندیخانە قوتابخانەیە)) بەراستی وابوو لەهەموو لایەکەوە، چونکە سەرەڕای ئەو هەموو دەرز و فێرکردن و فێربوونە، مرۆڤ لەولاوەش، بەهۆی هیوای پاشەڕۆژەوە، جۆرێک لە نەفس بەخێوکردن فێرئەبوو، واتا نەفسی خۆی دائەمرکاند لە پێناوی ئامانجەکانیدا. بەو هۆیەشەوە توشی ئازارو ناخۆشی زۆر ئەبوو، بەڵام بەیادیدا نەئەهات و خۆڕاگرانە ئەمایەوە، بەڕاستی ئەوانەی لەماوەی ئەو چەند ساڵەدا لە نوگرە بوون نمونەی خۆڕاگری بوون. ژمارەی خەڵکەکە هەر ئەهاتوو لە زۆربوونبوو، رۆژێکیان نزیکەی چل کەسی دەوروبەری زاخۆیان هێنا، لەقسە و باسیاندا بۆمان دەرکەوت پێشمەرگە زۆر مەردانە شانیان داوەتە بەر کارەکەیان و شەڕی باش ئەکەن و ژمارەیان لە زیادیە، ئەم قسانە لە نوگرە هورەی خەڵکەکەی بەرزتر ئەکردەوە.

ماوەیەک بەم شێوەیە بەسەرچوو، کاتێکمان زانی پاسەوانی نەتەوایەتی ((الحرس القومی)) گەیشتە نوگرە و چوار دەوری بەندیخانەیان گرت و هەموو قولە و شوێنی پاسەوانیان لە پۆلیس سەند و بەڕێوەبەری بەندیخانە و دەستە ودایەرەکانی پۆلیس بێدەسەڵات مانەوە، هەموو شتێک کەوتە ژێر دەستی پاسەوانی نەتەوایەتیەوە، یەکەم هەنگاو بۆ ئازاردانی ئێمە، دەرگای قاوشەکانیان داخست و رۆژی سێ جار نەبوایە بۆ ئیشی سەراو، دەرگا نەئەکرایەوە، خوێندنەوە نەما کتێب هەمووی شاردرایەوە، رۆژنامە نەما، وەرزش نەما، رادیۆ هەر چەند نهێنی بوو، ئەوەندەی تر شاردرایەوە، تەنها یەک کەس گوێی ئەگرت، لەکاتی چوونە دەرەوەی بەیانیاندا شتێکی بۆ چەند کەسێک باس ئەکرد، ئەوانیش ئەوەندەی بیانتوانیایە لە قاوشەکانی خۆیاندا بڵاویان ئەکردەوە، لەچوونە دەرەوەی نیوەڕۆدا، ئەو تاقمەی سەرلەبەیانی دەنگ و باسەکانیان پێگەیشتبوو، بۆ چەند کەسێکی قاوشەکانی تریان باس ئەکرد ئەوانیش بۆ قاوشەکانی خۆیان، بەڵام مەرج نەبوو هەموو کەسێک هەواڵ و باسی پێ بگا، چونکە چاودێری پاسەوانەکان زۆر توند وتیژ بوو، هەروەها بارودۆخەکەش زۆر ناسک بوو. لەم بارودۆخەدا تاقمی چێشتخانە گۆڕان و ژمارەشیان کەم کرایەوە، من گەڕامەوە بۆ قاوشی خۆمان، دەرفەت هەبوو کارێکی تر بکەم، ئەویش ئەوەبوو لە چوونە دەرەوەی نیوەڕۆدا، هەواڵەکان لە کاک کەمال ئیبراهیم وەربگرم، کە لە قاوشی هەشت بوو، کاک کەمال زۆر بەڕێز و قایم بوو بۆ پاراستن، نیوەڕۆیان ئەچووینە ریزی چاوەڕوانی توالێت، دوابەدوای یەکتر ئەوەستاین و ورده ورده قسەی بۆ ئەکردم، ئەبوو هەوڵیش بدەین دڵنیابین لەو کەسەی پێشمانەوە و ئەوەی دوامانەوە، منیش هەواڵەکانم ئەگەیاندە قاوشی خۆمان، چەند کەسێک، ئەوانیش چەند دەرفەت و متمانە هەبوایە بۆ هاورێکانی تر، سەرەتا باسی ئەوە نەئەکرا ئەم هەواڵانە لە رادیۆ وەرگیراون، بەڵکو بە هەرشێوەیەک ماوە هەبووایە، بەڵام پاش سەرکەوتنی نەخشەکە و دڵنیابوون لەوەی کە نهێنی ناچێتەدەرەوە، هەموو ئەیانزانی کە ئەو دەنگوباسانە لە رادیۆوە وەرگیراون. دەنگوباسەکانیش لە رادیۆکانی لەندەن، مۆسکۆ، بەغدا، پەیکی ئێران، پاشان دەنگی گەلی عێراق(یوت الشعب العراقی) کە شیوعیەکان لە دەرەوەی وڵات بەڕێوەیان ئەبرد. و هەر رادیۆیەکی

تر، بەتایبەتی گەر هەواڵەکان پەیوەندیان بە عێراق و کوردو بەندیخانە و زیندانیەکانەوە بووایە.

دوای رووخانی حکومەتی بەعس لە 1963/11/18 دا ئەم هەواڵانە لەنامیلکەیەکی بچوکدا ئەنوسرانەوە، بەسەر قاوشەکاندا ئەگێردران، هەروەها لەلایەن منەوە بەهاوکاری برایەکی بەڕێز کاک عەبدولڕەحمان، کەبەداخەوە ناوی باوکیم لەیاد نیە، ئەو نامیلکەیە ئەکرا بەکوردی و بڵاوئەکرایەوە. پاشان وای لێهات بە ئاشکرا لە قاوشەکاندا ئەخوێنرایەوە.

دەرفەت نەبوو بۆ خۆشوشتن و جل شوشتن، پاش ماوەیەک ئەو هاوڕێیانەی دانرابوون بۆ نوێنەرایەتی بەندیەکان (عەباس بەغدادی، کەنعان عەزاوی و محەمەد ئەلسەعدی) کەوتنە گفتوگۆ لەگەڵ پاسەوانە نەتەوایەتیەکان، ڕێککەوتن کە بەیانیان دوای ژماردنمان دەرگا بکرێتەوە هەتا پێش ڕۆژئاوا. وا ڕێککەوت نۆرەی خۆشوشتن لەسەر قاوشەکەی ئێمە کوژابووەوە. ئەو ڕۆژەی ماوەدرا بچینە دەرەوە، برادەرانی قاوشی ئێمە گەرماویان ئامادەکرد و دەستکرا بە خۆشوشتن، هەر چێشتەنگاو بوو، پاسەوانەکان خۆیان کرد بەناو بەندیخانەداو بە هاوار ئەیانگوت: بڕۆنە ژوورەوە، بڕۆنە ژوورەوە!! چەند کەسێک لەناو گەرماوەکەدا بوون، یەکێک لەوانە هاوڕێیەک بەناوی فازیل کەریم خەڵکی کەرکوک بوو، پلەی جێگری ئەفسەر بوو، نەختێک دواکەوت لەهاتنە دەرەوە، چوونە سەری، بەزۆر لەگەرماوەکە هێنایانە دەرێ، هەتا گەیشتە قاوشەکەی خۆمان بە پاڵەپەستۆ هێنایان، ئەویش خۆی جیڕکردبووەوە و قسەی پێ ئەگوتن، لەهاتنە ژوورەوەدا، پاسەوانەکان ویستیان بێنە ناو قاوشەکەوە بەدوایدا، بەڵام هەموو لێیان هاتنە دەست بە لینگە پێڵاو و هەرشتێکی لەبەردەستیان دابوو تێیان گرتن، پاسەوانەکان پاشەکشێیان کرد و دەرگای قاوشیان داخست، یەکێک لە پاسەوانەکان هاتبووە ژوورێ و لە قاوشەکەدا مایەوە، زەندەقی چوو، یەکسەر دەمانچەی هەڵکێشاو ڕووی کردە کۆنکرێتی زەوی ژوورەکە و تەقەیەکی کرد بۆ ئەوەی برادەرەکانی ئاگادار بکاتەوە، گوللەی فیشەکەکەی لە کۆنکرێتەکەی دا و هەڵبەزییەوە لەپشت سەری منەوە لە دیوارەکەیدا، شتێکی سەیر بوو کە ئەو گوللەیە بەر کەسمان نەکەوت. دیسان دەرگاکرایەوە و بەهێرش پاسەوان هاتنە ژوورێ، دەستیان کرد بەپشکنینی قاوشەکە و سەیری بنی پێی هەموومانیان کرد، بۆ ئەوەی بزانن کێ بنی پێی تۆزاوی بووە لەکاتی لێدانیان بەپێڵاوەکان، چەند کەسێکیان گرت و بردیانن، ئەم کێشەیە درێژەی خایاند، لەکاتی چوونەوە دەرەوەی نیوەڕۆدا هەر چۆنێک بوو قاوشەکانی ترمان تێگەیاند، ئەگەر ئەو هاوڕێیانە بەرنەدرێن ئێمە مان ئەگرین، ئەم قسەیە لە ڕێی نوێنەرەکەوە گەیاندرایە بەڕێوەبەرایەتی بەندیخانە، بەڕێوەبەری بەندیخانە ئەفسەرێکی عەرەبی نەتەوە پەروەر بوو، نەک بەعسی، وەک بیستمان مشتومڕێکی باش لەنێوان بەڕێوەبەر و بەرپرسیاری پاسەوانەکاندا (سەلیم ئەلزێبەگ) ڕووی دابوو، لەسەر ئەو ڕێکەوتنەی هەردوولا کە تا ئێوارە دەرگا بکرێتەوە، دوای ئەوەی شتێک ڕووی نەداوە کە ئەو ڕێکەوتنە پووچەڵ بکرێتەوە، ئەمەش زیانی بەناوو داوی بەڕێوەبەر ئەگەیەنێ، گوایە بەڕێوەبەر قسەی کردوە، ئێوە ((واتە پاسەوانەکان)) هیچ ڕێز لە بەڕێوەبەر نانێن و گەر وا بڕوا ئەبێ ئەم کارە یەکلابکرێتەوە. ئەوە بوو پاش نیوەڕۆکەی هاوڕێکانیان بەرداو هاتنەوە بۆ قاوشەکەی خۆمان، بەڵام کاتی چوونە دەرەوەکە کەمکرایەوە و پاشان دیسان دەرگایان داخست. تەنها ئەوانەی لە چێشتخانەکە کاریان ئەکرد ڕێگایان پێئەدرا کە خۆراک بگەیەننە قاوشەکان. هەروەها نوێنەرەکەمان مافی هەبوو هاتووچۆی بەڕێوەبەرایەتی بکا. ئەم هاواڵانەمان بەهۆی ئەو نوێنەرەوە پێ ئەگەیشت.

دوای ئەم رووداوە، وەک باسم کرد، ماوەیەک دەرگاکراوە بوو، پاشان دەرگاکانیان داخستەوە، لەم ماوەیەدا رۆژێکیان، بەهۆی نوێنەرەکەمانەوە لە بەڕێوەبەرایەتی داوای مامۆستا ئیسماعیل کرا بچێ بۆ بەڕێوەبەرایەتی بەندیخانە، کاک ئیسماعیل لە قسعەکەی ئێمە بوو، ماوەیەکی پێچوو دڵمان کەوتە ترسەوە کە تووشی شتێک بووبێ، کاتێک هاتەوە پریاسکەیەکی بچوکی بەدەستەوە بوو، گووتی: دایکم هاتبوو زۆری هەوڵ دابوو، چوو بووە لای بەڕێوەبەر، منیان بانگ کرد، ماوەی قسەنەبوو لە چاک و خۆشی و باسی منداڵ و خزمان بەولاوە، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هەندێ شتی تێگەیاندم، دوایی بۆتان باس ئەکەم، ئەم پریاسکەیەش کولیچەیە، نازانم چی لێبکەم؟ دوای پرسیار بڕیاردرا دایبنێ، بەشە چای پێنج کەسەکەی خۆمان هەڵبگرین شەو ئەو کولیچەیەی پێوە بخۆین، ئێوارە دوای نان خواردن بەشە چای خۆمان وەرگرت و دامانناتا درەنگ، وامان دانابوو پاسەوانەکان کەوتونەتە پشوو و حەسانەوەوە، ئەوانەی سەر قەڵاکەش دوورن، ئیتر هەر پێنجمان لەسەر جێگاکەی کاک ئیسماعیل دانیشتین و بەکولیچە خواردن و چا خواردنەوە و قسەی خۆش خافڵاین، کاتێکمان زانی لە پەنجەرەکەی پشت سەرمانەوە هاوارکرا ((مەجوڵێن))، سەیر ئەکەین لولەی کلاشینکۆف هاتۆتە ژووری لەولاوە دەرگاکرایەوە، چوار پێنج پاسەوان گەیشتنە سەرمان، دەستیان کرد بەپشکنینی جل و بەرگ و گیرفانمان و سەرجێگاکە و دەوروپشتی و هەڵتەکاندنی بەتانیا و سەرین........هتد. ئەم مشتومڕە ماوەیەکی خایاند، ئینجا هەر پێنجمان بەڕیز بۆ دەرێ، هەر گەیشتینە بەردەرگاکە، لەولاوە هاوارێکی تر بەرزبووەوە ئەوە چیە؟ چی ئەکەن؟ کە هاتنە پێشێ تاقمێک لە پاسەوانەکان و لێپرسراوەکەیان، (سەلیم ئەلزێبەگ)، پاش ئەوەی بۆیان باس کرد ئەمانە کۆبوونەوەی حیزبیان کردوەو لە پەنجەرەکەوە پاسەوانی سەرقەڵاکە چاوی لێیان بووە و ئێمەی ئاگادارکردۆتەوە و لە پەنجەرەکەوە گوێمان لە قسەیان بووە، ویستومانە بیانهێنین بۆ لای ئێوە. ئەویش گوتی: باشە بەفەرمانی کێ ئەو دەرگایەتان کردەوە؟ من کە چاوم بەشەوقی رووناکی کەوت کارەبا نەبوو هەر قاوشەکە لۆکسێکی تێدا بوو شەوان تا بەیانی ئەسووتا، یەکسەر وام زانی بەندیەکان هەوڵی هەڵاتن ئەدەن، ناویان بنوسن من بەیانی خۆم لێکۆڵینەوە لەم مەسەلەیەدا ئەکەم، با ئەوان بچنەوە ژووری، ئێوەش یەکجاری تر کاری وابکەن بە توندی سزاتان ئەدەم. ئێمەیان ناو نووس کرد و چووینەوە ژووری، ئەوانیش دەرگایان داخست و رۆیشتن. ئەمە حاڵی بەندیەکان بوو بدەست پاسەوانەوە، گەر سەلیم زێبەگ لە پاسەوانەکانی تر نیگەران نەبوایە، وازی لە ئێمە نەئەهێنا، وابزانم بۆ سبەینێ کەوڵی ئەبردین بۆ دەباغخانە. بۆ بەیانی تا کاتژمێر دەی سەرلەبەیانی هیچ باس نەبوو، تێگەیشتین مەسەلەکە فەرامۆش کراوە.

ژیان لە بەندیخانەی نوگرە لەسەردەمی پاسەوانەکاندا زۆر ناخۆش بوو، بەهیچ شێوەیەک دەنگو باسی رادیۆکەمان نەبووایە شتێکی ترمان نەئەبیست، کەس و کار نەیانئەتوانی بگەنە ئەوێ، نازانم ئەو پیرێژنەی دایکی مامۆستا ئیسماعیل چۆن گەیشتبووە نوگرە؟ پۆست نەبوو، بەڕاستی لەژیانی دەرەوە بەتەواوەتی بێ ئاگابووین، هەروەها خواردنیش وەک جاران نەبوو، مانەوە بەدرێژایی ئەو هەموو کاتە لە قاوشەکاندا، جەستەی مرۆڤی سڕ ئەکرد، سەرەڕای بێزاری، لەهەمووی ناخۆشتر بێ خوێندنەوە، بێ کتێب، قسە و تانە و تەشەری پاسەوانەکانیش لەسەر قەڵاو قولەکانەوە لەولاوە بوەستێ.

ئەم بارودۆخە زۆر جێی مەترسی بوو، چونکە پاسەوانەکان بە نهێنی و بە هەموو توانایانەوە ئەیانویست کەلێنێک بدۆزنەوە بۆ رووخاندنی هورەی بەندیەکان، ئەوەبوو رۆژێک هەر هەموو

قاوشەکانیان کۆکردەوە و داوایان کرد لە گۆڕەپانەکەدا دابنیشین، ئینجا یەکێک لە بەندیەکانیان راگرت و داوایان لێکرد قسە بکا، ئەویش دەستی کرد بەقسەی ناشیرین و دەرخستنی ئەوەی دەستی تێکەڵاوکردووە لەگەڵ بەعسیەکاندا. پاشان پاسەوانەکان هەندێ قسەیان کرد، هەڕەشە و گوڕەشە لە لایەکەوە و پەیمانی پارمەتیدانی ئەو کەسانەی هاوکاریان ئەکەن لەلایەکی ترەوە. لە کۆتاییدا هەموومانیان کردەوە ناو قاوشەکان و دەرگاکانیان داخست بێ ئەوەی یەک کەس قسەیەک بکا. پاسەوانەکان وایان ئەزانی دوای قسەی ئەو کابرایە و قسەکانی خۆیان دەیەها کەس لێیان نزیک ئەبنەوە و دەست ئەکەن بە قسەی ناشیرین و دژایەتی بیروباوەڕ، بەڵکو دەربڕینی هەندێک شتیش لەبارەی رێکخراوی ناو بەندیخانەکەوە، بەڵام هەر هەمووی بێدەنگ و هیچ قسەنەکرا، ئەمە وەڵامێکی بێدەنگ بوو، بەڵام لەلایەکی ترەوە ئەم رووداوە بووبە جێی پرسیار، چۆن توانیان بگەنە ئەم کابرایە؟ توندو تۆڵی رێکخراوی ناو بەندیخانەکە و هورەبەرزی بەندیەکان لەوەدانەبوو شتی وەک ئەم رووداوە چاوەڕوان بکرێ! لەبەرئەوە جێی سەرسوڕمان بوو. لەلایەکی ترەوە ئەم رووداوە بوو بەهۆی ئەوەی هەندێک توندوتۆڵی زیاتر بەکاربێ بۆ ئەوەی بارودۆخی ناو بەندیخانەکە بپارێزرێ و کەلێن بەدزەکردن نەدرێ. هەر شێوەی جاران و زیاتر هەوڵی هورەبەرزکردنەوە و پەیوەندی بەهێزکردن بەردەوام بوو. ورتەورتێک هەبوو، کەبەعسیەکان، بەهۆی پاسەوانەکانەوە نەخشەیەک جێبەجێ ئەکەن بۆ لەناوبردنی بەندیەکان، گەر هەمووشیان نەبێ، زۆربەیان، بە هەڵبژاردن، تاقم تاقم، بەرنەدەرەوەی بەندیخانە لەو چۆڵی بیابانەدا لەناویان بدەن، ئەم هەواڵە ناخۆشیەکی خستبووە ناوەوە، کەهەموو بەندییەکان چاوەڕوانی شتێک بن و بەم هۆیەوە هەمووی گوێی هەڵخستبوو، بەڵام بەندیەکان خۆراگربوون، تەنانەت هەندێ قسەئەکرا، وەک ئەوەی: گەر ئەو کارە رووبدا گومانی تێدا نیە کە هەوڵی ئەوە ئەدەن لێکۆڵینەوە بکەن، بۆ ئەوەی هەندێ بەڵگەیان دەستبکەوێ، بەڵام نەخێر با بمانکوژن، خۆمان بەدەستەوە نادەین. ئەم بارودۆخە خایاندی تا رۆژی 1963/11/18، سەرلەبەیانی ئەو رۆژە نانی بەیانی زوو هات، لەگەڵ نانەکەدا هەواڵ گەیشت کە شتێک لەبەغدا رووی داوە، ئەبێ زۆر ئاگادار و لەسەرخۆبین، هەتا تێئەگەین مەسەلە چیە؟ ئەم هەواڵە خەڵکەکەی وریاکردەوە، بەڵام بەئارامی و لەسەرخۆیی، هەڵبەت ئەم هەواڵە بەهۆی رادیۆکەوە بیستراوە و برادەرانی چێشتخانەش نانی بەیانیان پێش خستووە و قاوشەکانیان ئاگادارکردۆتەوە، گرنگ ئەوەبوو ئەم هەواڵە لەسنوورێکی دیاری کراوادا مایەوە. لەپەنجەرەکانەوە کەوتینە چاودێری قولەکان و قەڵاکە بزانین چی رووئەدا. پێش کاتژمێر حەوتی بەیانی هاوار هاوار لە قەڵاکەوە بەرزبووەوە ((لێیان دەن، دەی دەستخۆش، نەهێڵن بجوڵێنەوە، بەدوایان کەون مەهێڵن راکەن....هتد))هەر لە پەنجەرەکانەوە دیتمان پۆلیس لە قەڵاکە و قولەکاندا دامەزران و جێگای پاسەوانەکانیان گرتەوە، ئیتر بەتەواوی بۆمان روونبووەوە کە کودەتایەک بەرپاکراوە، بەڵام چیە و چۆنە و کێ ئەنجامی داوە؟ ئەبوو ئارام بگرین. نوێنەرەکەمان هاتوچۆی بەڕێوبەرایەتی ئەکرد، ئەو رۆژە، بۆ ئەوەی هەواڵەکان بگەیەنێ، کەلەرادیۆی بەڕێوبەرایەتیەکەوە، ئەیبیست زوو زوو ئەهات و ئەرۆیشت، ئێمەش هەرلە ژوورەوەین، ماوەیەک نا ماوەیەکیش بەهۆی نوێنەرەوە، یان برادەرانی چێشتخانەکەوە، وردەوردە هەواڵمان ئەبیست و زۆرتر شتەکەمان بۆ روون بووەوە، بەتایبەتی کاتی چوونە دەرەوە و سەرژمێرکردن، شتەکە تەواو ئاشکرابوو، کودەتایە و عەبدول سەلام عارف و تاقمەکەی

بەرپایان کردوە دژ بەبەعسی و پاسەوانی نەتەوایەتی، گەرچی ئومێدی هیچ لەم تاقمە کودەتاچیانەش نەئەکرا، بەڵام، ئێمە هانایەکمان هاتێ، کە مێردەزمەی بەعس و پاسەوانەکانیان لەسەرسنگی گەلانی عێراق و ئێمەی ناو بەندیخانەش لاچوو.

پاش چەند رۆژێک گفتوگۆ لەگەڵ بەڕێوبەرایەتی بەندیخانداکراو دەرگاکان کرانەوە و چایخانەیەک دامەزرا بۆ ئەوانەی زۆرتر حەزیان لەچا بێ، بتوانن بەپارە، بەئارەزووی خۆیان چابخۆنەوە، کووپە ئاوەکانیش دانرانەوە لەنێوان قاوشەکاندا بۆ ئاو خواردنەوە، نان و چێشت و خواردنی چێشتخانەکەش باشتربوو، دکتۆرەکان سەرلەنوێ دەرمانخانە بچکۆلانەکەیان دامەزراندەوە و دەستیان کرد بەپشکنینی نەخۆشەکان، وای لێهات پاش ماوەیەک هەندێ نەشتەرگەری بچوکیش ئەنجام ئەدرا. هەروەها کەشی خوێندن و وەرزش و جموجۆڵەکان دەستیان پێکردەوە لە جاران باشتر و گیانی برایەتی و هورەبەرزیش رۆژ بەرۆژ لەباشیدا بوو، سەرلەنوێ ((بەندیخانە بووەوە بە قوتابخانە)).

پێویست بوو بۆنە نیشتمانیەکان یادبکرێنەوە، لە 1964/01/06 دا یادی دامەزراندنی سوپای عێراق کرایەوە ((عید الجیش)) مشتومڕێکی زۆر کەوتە ناوەوە، ئایا ئەم یادە پێویستە؟ تاقمێک رای وابوو کە بەڵێ سوپای عێراق، سوپایەکی نیشتمانیە، تاقمێکیش ئەیانگوت نەخێر پێویست نیە، چونکە هەرچی بەسەر گەلانی عێراق هاتووە بەهۆی سوپاوە بوو، لێدانی ئاشوریەکان، لێدانی بارزانیەکان، لێدانی عەشرەتەکانی ناوەراست و باشووری عێراق شەڕی دژی کورد، بەرپاکردنی کودەتاکان.........هتد هەموو بەهۆی سوپاوە بووە، بەڵام لەگەڵ ئەو جیاوازیەدا، یاد هەر کرایەوە و برنجە سوورەکە هەرخورا!! دوای ئەوە یادی نەورۆز: لەناوەڕاستی حەوشەکەدا ژمارەیەک بەرمیل ریزکراو لمی تێکرا و نەوتی بەسەردا کراو ئاگری تێبەردرا، ئیتر سروودی نەورۆز و هەڵپەڕکێ و ئاهەنگ تاشەو درەنگ. هەروا لەبۆنەکانی تریشدا وەک یادی دامەزراندنی حیزبی شیوعی و بەرپابوونی شۆڕشی تەمموز و یادی راپەرینەکانی گەلی عێراق لە ساڵانی 1948 و 1952 و جەژنە ئاینیەکان ئەگێردرا. .

لەهاوینی 1964 دا چەند شەوێک هۆزانەوانی نیشتمانپەروەری دڵسۆزی گەل موزەفەر ئەلنواب بە هاوکاری سەعدی ئەلحەدیسی، یان شیعری ئەخوێندەوە، یان گۆرانی ئەچری، زۆربەی گۆرانیەکانیش لەهۆنراوەی خۆی بوون. بەڕاستی گڕوتینێکی بە بەندیەکان، لەو بیابان و شوێنە دوورەوە، ئەبەخشی.

لەکۆتای مانگی پێنجی ساڵی 1964 دا رۆژێکیان نامەیەکم بەدەست گەیشت، کاک محەمەد ئەمین عارەب لەکەرکوکەوە ناردبووی، ئاگاداری کردبوومەوە کە رۆژی 1964/05/02 باوکم کۆچی دوایی کردوە، بەراستی هەواڵێکی دڵتەزێن بوو، پاش ئەو هەموو ساڵی زیندانی و ئەشکەنجە وناخۆشی، مرۆڤ بێبەش بێ لەدواچاوتروکاندنی باوکی، بێبەش بێ تەنانەت لەوەستان لە پرسەکەیدا، زۆر دڵ تەنگ بووم، کەسیشم ئاگادارنەکردەوە، چونکە ئەمزانی هاوڕێیان بەومەسەلەیەوە ماندوو ئەبن، بەغەمناکی چەند جارێک نامەکەم خوێندەوە وەک یەکێک باوەڕ بەهەواڵەکە نەکا. پاشان دەستم کرد بە پیاسە لەناو بەندیخانەکەدا. من هەمیشە لەتەک برادەرەکانمدا هەڵسوکەوتم ئەکردو گفتوگۆی سیاسی و قسەی خۆش و باسی بەسوود و گاڵتە......هتد کاتم بەسەرئەبرد، یەکێک لەبرادەرە نزیکەکانم وریابووەوە، ئەبێ بۆچی بەتەنیا پیاسە ئەکا؟! هات و پرسیاری کرد، زۆری هەوڵدا هیچ نیە و هەروام حەز لێیە! بەڵام سوودی نەبوو، نامەکەم دایە دەستی، ئەویش زۆر بەپەرۆشەوە سەرخۆشی لێکردم و دڵ نەوایی کردم و پاش ماوەیەک بەبیانوویەک خۆی دزیەوە. هەریەک دوو کاتژمێری پێچوو، کاتێکم زانی

لەنزیک قاوشەکەی خۆمان زەویەکەیان مالّی و بەتانیە راخراو چا لێنراو دانیشتن بۆ پرسەو سەرخۆشی هاوڕێیان بەگشتی و برادەرانی خۆم دەوریان لێدام و ئەو ئێوارە و شەوە پرسە بوو. تا چەند ڕۆژێک وەک گێژ، راستە بەرانبەر بە مردن دەسەلاّت نیە، شتێکی سروشتیە، چۆن لەدایک بوون و ژیان هەیە، ئەبێ مردنیش هەبێ! بەلاّم کات و دۆخی مردنەکە و کەسیەتی مردوەکە و کەسایەتیش تین و ئێش و ئازاری خۆیان هەیە. بەهەر حاڵ یەکێک لەتایبەتمەندییەکانی مرۆڤ ئەوەیە کە خۆراگر بێ بەرانبەر ناخۆشی و تاڵیەکانی ژیان. وەک هەموو مرۆڤێک باوکمم زۆر خۆش ئەویست، ئەویش منی زۆر خۆش ئەویست، هەرگیز لە من دڵگران و زیور نبووە، هەرگیز قسەیەم نەشکاندوە هەمیشە دڵیم راگرتووە و لەخزمەتیدا بووم، بەلاّم مردن جیای کردینەوە، بەو شێوە ناخۆشە، ئەوە ماوەتەوە بڵێم هەتا مردن مەمنونی پەروەردەی دەستی ئەوم و یادی هەر لە یادمە، یادی بەخێر.

جگە لە سیستەمی خوێندن، کۆڕو زنجیرەی ڕۆشنبیری ڕێک خراو و پێشبرکێ لە نێوان قاوشەکاندا ئەکرا جگە لە کۆڕی زانستی و ویژەی و زۆر چالاکی تری ڕۆشنبیری، ئێوارەیەکیان پرسیارێک کرا(( بزووتنەوەیەکی چاکسازی لە کوردستانی عێراقدا پەیدابوو بەناوی هەقەوە چی لەبارەیەوە دەزانن؟)) پارێزەر مامۆستا عەبدولوەهاب قەیسی هەستایە سەر پێ و بەکورتی شتێکی باس کرد، ئینجا گوتی: من ئەم زانیاریانەم لە مامۆستا ساڵحی کوڕی کاکە ڕەزای عەسکەر وەرگرتووە، کەلەبنەماڵەی شێخانی هەقەیە، کاتێک هەردووکمان لەم بەندیخانەیەدا بووین، بەلاّم ئێستا پارێزەر مستەفا عەسکەری کە برا گەورەی ساڵح عەسکەریە، لێرەیە و لەم کۆڕەدا ئامادەیە پرسیاری لێبکەن. ئەو دەستەیەی زنجیرە کۆڕەکانیان بەڕێوە ئەبرد، داوایان لێکردم بۆیان باس بکەم. منیش ئەوەندەی ئەمزانی قسەم کرد و پاشان نامیلکەیەکم نووسی لەسەر ئەو بزوتنەوەیە لەهەموو قاوشەکاندا خرایە کتێبخانەوە، لەبارودۆخێکی نالەباری بەندیخانەکەدا فەوتا، ئەوەبوو لەساڵی 1983دا ((ئاوڕدانەوەیەک لەبزووتنەوەی هەقە)) چاپ و بلاّوکرایەوە، دوای ئەوەش لەساڵی 2008دا سەرلەنوێ چاپ و بلاّوکرایەوە. دواتریش لەساڵی 2009دا وەرگێڕایە سەر زمانی عەرەبی و چاپ و بلاّوکرایەوە. بەپێویستی ئەزانم لێرەدا زۆر سوپاسی مامۆستا محەمەدی مەلا عەبدولکەریم بکەم کە یارمەتی دام لە داڕشتن و چاپکردنی ئەو کتێبەدا.

بەم شێوەیە جموجۆڵێکی زۆر کەوتە ناو بەندیخانەکەوە و لەهەموو لایەکەوە چالاکی هەمەجۆری بەسوود ئەنجام ئەدرا، سەر نشینانی بەندیخانەکەش زۆر بە هورە و گیانی نیشتمانپەروەریەوە، بەڵکو بەگیانی چەپڕەوی و دیموکراسیانەوە ڕۆژ بەڕۆژ ژیانێکی پڕ هیوایان ئەبردە سەر، بەتایبەتی کە هەڵمەتی داوای ئازاد کردنی سەرنشینانی بەندیخانەکان دەستی پێکرد، بەلاّم جێی داخ بوو گۆڕانێک لە حیزبی شیوعیدا روویدا، بەوەی پشتگیری لە حکومەتی عەبدول سەلام عارف و تاهیر یەحیایان کرد، کە بانکەکانیان خۆماڵی (تامیم) کرد، گوایە ئەم کارە بەرەو سۆسیالیستی ئەڕوا و ئەشێ چینی برجوازیش، لەهەندێ قۆناغدا، ڕژێمی سوشیالیستی دابمەزرێنێ، ئەم بیرو باوەڕە لە ئەنجامی نامێلکەیەکدا بوو کە یەکێک لە مونەزیرەکانی حیزبی شیوعی سۆسلۆف نووسیبووی و گەیشتبووە ناو بەندیخانە وەرێکخراوی بەندیخانەش دەستی کرد بە تێگەیاندنی هاوڕێیانی شیوعی بەم بیرو بۆچوونە، ئەم مەسەلە فکریە ئاڵۆزیەکی خستە ناو بەندیخانەکەوە، کەسانێکی زۆر کەوتنە گفتوگۆ لەسەر ئەم مەسەلەیە، تاقم تاقم و بە کۆ و بەتاک، تا گەیشتە ئاستی شێوەی ئاشکرا، ئیتر وای لێهات باسی هەر باسی ئەم گۆڕانکاریە بوو، بەتایبەت کە یەکێتی شورەوی زۆر لە میسری عەبدولناسر نزیک

بووەوە و هەوڵی ئەوەی ئەدرا حیزبی شیوعی لە میسرو عێراق بچێتە پاڵ یەکێتی سۆسیالیستی ( الاتحاد الاشتراکی)، کە عەبدولناسر و عەبدولسەلام دایانمەزراندبوو. رۆژێکیان هاوڕێ سامی ئەحمەد، کە شارەزایەکی باش بوو لە بواری ئابووری نەوتدا، هەروەها جێگری بەرپرسی حیزبی ناو بەندیخانەکە بوو، پیاوێکی زۆر تێگەیشتوو بوو، لەسەرخۆ، دڵسۆز، خاوەند بیر و باوەڕێکی پتەو بە مارکسیزم، پێیگووتم پیاسەیەک بەیەکەوە بکەین؟ کەوتینە پیاسە، باسی ئەو نامیلکەیەی کرد و داوای کرد کە من باسی ناوەڕۆکی نامێلکەکە بۆ چەند کەسێکی کوردی ناو بەندیخانەکە بکەم و دانەیەکی لە نامێلکەکە دامێ، وەرمگرت و چووم دانیشتم بەوردی خوێندمەوە، پاشان قسەم لەگەڵ هاوڕێ سامیدا کردەوە کە ناوەڕۆکی نامێلکەکەم بەدڵ نیە و بەڕای من لەگەڵ بیرو باوەڕی مارکسیدا ناگونجێ، بەتایبەتی ئەو کارەساتەی بەسەر حیزب هاتووە لەسەردەستی برجوازیە (ناسیونالیستەکان)، بەڵکو ئەمە ئەبێ بەهۆی شلەژانی بیروڕای ناو حیزب گەر ئەم بۆ چوونە لە وڵاتێکی تردا بگونجێ، لە عێراق و کوردستاندا ناگونجێ. (لە راستیدا ئەو بیروبۆچوونە سەرنەکەوت)، لەوەڵامدا گووتی: ئەمە حیزب ناردویەتی و داوای کردوە کە هاوڕێیانی ناو بەندیخانەکە لە ناوەڕۆکەکەی تێبگەیەنرێن! گووتم: من ناتوانم ئەم کارە ئەنجام بدەم، گووتی: ئەمە قسەی حیزبە، منیش گووتم واتە من جێبەجێی ئەکەم بەڵام لەم کارە بەدواوە من تەنها ئەوەندە نەبێ کە ئەوەندەی لەژێر دەسەڵاتی حکومەتدا بم رووبەرووی دەسەڵاتی حکومەت ئەوەستیمەوە، هیچ بەرپرسیارێکی تر لە ئەستۆ ناگرم، هەر رۆژێکیش ئازادبووم و دەسەڵاتی حکومەتم بەسەرەوە نەما، ئەوا کاری حیزبایەتی ناکەم و لە ماڵی خۆم دائەنیشم چونکە بڕوام بەم جۆرە سیاسەتە نیە، ئەویش لەوەڵامدا زۆر قسەی هێنایەوە و گفتوگۆیەکی زۆرمان کرد، بەڵام من هەر سوور بووم لەسەر قسەی خۆم. دیاربوو ئەم سیاسەتە بەدڵی کەسانێکی زۆر نەبوو،یەکێک لەوانە خودی هاوڕێ سامی خۆی بوو، بەڵام وەک بەرپرسێکی حیزبی بۆی نەئەکرا لای کەسانێکی کە باسی بکا، بەڵگەشم بۆ ئەم مەسەلەیە ئەوەیە کە هاوڕێ سامی لە بەندیخانە رزگاربوو، چووە پاڵ باڵی قیادە مەرکەزی. بەڵام بارودۆخی وڵات و بەندیخانەش وای کردبوو کە هاوڕێیان دان بەخۆیاندابگرن و یەک ریزی حیزب لەناو بەندیخانەکەدا رابگرن، گەرچی پاشان بەهۆی ئەم سیاسەتە و هەندێ هۆی ترەوە دووبەرەکی لەناو حیزبدا پەیدابوو، ئەوەبوو باڵی قیادەمەرکەزی، بەسەرکردایەتی عەزیز ئەلحاج جیابوونەوە.راستیەکەی مەسەلە هەر بیرو بۆچوونی ناو نامێلکەکەنەبوو، بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی سیاسەتی حیزبی شیوعی لەگەڵ هیوا و ئاواتی ئەندامانی حیزبدا نەبوو، کە پاش ئەو هەموو کارەساتەی لە کودەتای شوباتدا بەسەری هاتبوو، بەهورەبەرزی ئەندامانی حیزب و پشتگیری جەماوەری دڵسۆز، حیزب هەڵسایەوە و خۆی رێکخستەوە و توانی سەر لەنوێ ببێتەوە بە پێشرەوی جەماوەر لەلایەکی تریشەوە قورسایی خۆی لەناوسیاسەت و حیزبەکانی عێراق و بەڵکو دەرەوەشدا پەیداکردەوە، لەبەرئەوە ئەندامان و هەوادارانی حیزب، هەروەها جەماوەریش چاوەڕوانی شتێکی زۆربوون لەحیزب، بەڵام بەداخەوە، سەرلەنوێ حیزب کەوتەوە داوی پشتگیری لەدەسەڵات، ئەمەش وای کرد ئەو جیابوونەوانە رووبدەن و حیزبیش لاوازبێ و نەتوانێ ئەو رۆڵە ببینێ کە پێویست بوو، بەم شێوەیە دوای ئەم کەین وبەینە ساردیەک لە پەیوەندیم بەحیزبەوە پەیدا بوو، هەر بەو شێوەیە کاتەکە گوزەرا.

بۆ سەلماندنی پتەوی رێکخراوی حیزب لە بەندیخانەی نوگرەدا رووداوێک ئەگێرمەوە: یەکێک لەو ئەفسەرانەی لە بەندیخانەکەدا بوون، بەناوی سەلاح

ئەحمەد، خەڵکی موسڵ، کوڕێکی زۆر ئازا و بەجەرگ، لێهاتوو، پەیوەندی باش و خۆشی لەگەڵ خەڵکانێکی زۆردا هەبوو، ئەم ئەفسەرە بەهۆی چالاکییەوە لەناو سوپادا، بەعسییەکان ژمارەیەک تاوانیان خستبووە پاڵی و چەندین جار بردیان بۆ بەغدا بۆ لێکۆڵینەوە، لەئەنجامدا ئاشکرابوو لای خۆی و برادەران لە بەندیخانەکەشدا ورێکخراوی حیزبیش، کە سەلاح حکوم ئەدرێ و ئیعدام ئەکرێ، لەبەرئەوە هەوڵدرا کە رزگاربکرێ، پاش نەخشەکێشان و رزگارکردنی لە بەندیخانەکە، ئینجا ئاشکرابوو، ئەویش بەهۆی ئەوەوە کە لەوبیابانەدا، بەرۆژ زۆر گەرم، بەشەو زۆر سارد، ئاوی لێ ئەبڕێ و گورچیلەی یەکی ئەکەوێ ، تاقمێک رێبوار تەرمەکەی ئەبینن و ئەیبەن بۆ سەماوە. کارێکی وا، دەربازکردنی بەندیەکی گرنگ بەو شێوەیە، بەڵگەیە بۆ توندوتۆڵی رێکخراوی ناو بەندیخانە و خۆگری هەموو بەندکراوەکان، گەر ئەو پاڵەوانە ئەوەی بەسەرنەهاتایە، بەهیچ شێوەیەک ئاشکرانەدەبوو کەلە بەندیخانە هەڵاتووە، هەزار درود بۆ گیانی پاکی هاوڕێ سەلاح و هەموو شەهیدانی رێگای رزگاری. ژمارەیەکی زۆر لە بەندییەکان ماوەی قانونی حوکمەکانیان تەواوکردبوو، بەڵام بڕیارێک درابوو، کەبەرنەدرێن و هەر بە (محجوزی) لە بەندیخانەکەدا بمێننەوە، من یەکێک بووم لەو کەسانە کە حوکمەکەم تەواو بووبوو بەڵام بەرنەدرابووم، لەراستیدا حوکمەکەی من لەمانگی شەشی 1964 دا تەواو بووبوو.

بەوشێوە ژیانەی کە باسم کرد رۆژگارمان ئەبردەسەر لەلایەکەوە ئێش و ئازاری ناو بەندیخانە و دووری کەس و کارو ژن و منداڵ و بێبەش لەژیانێکی ئاسوودە، لەلایەکەوە هیوای پاشەڕۆژ و خۆگری بەرامبەر بەدەسەڵاتداران و فێربوون و فێرکردن و گەشەی بیری سیاسی.

لە ناوەراستی ساڵی 1964 بە دواوە خەڵکانێکی زۆر لە عێراقدا بەتایبەت کەس و کاری خەڵکانی ناو بەندیخانەکان دەستیان کرد بە پێشکەشکردنی سکاڵا و یاداشت بۆ بەردانی سەرنشینانی بەندیخانەکان، لەدەرەوەی وولاتیش لە هەموو لایەکەوە دەنگ بەرز بووەوە بۆ ئەم مەبستە، فەیلەسوف بێرترانر رسڵ یەکێک لەو کەسیەتیە گەورانەی جیهان کە پشتگیری ئەم داواکارییان ئەکرد، ئەوەبوو پێش کۆتایی ئەو ساڵە عەبدولسەلام عارف لێبووردنێکی دەرکرد هەر بۆ حیجیزکراوەکان نەک بۆ حکومدراوەکان و گیراوەکان، ئەوەبوو تاقم تاقم دەستکرا بە گواستنەوەمان لە نوگرەوە بۆ بەغدا، وارێکەوت کە تاقمی ئێمە گەیشتنە بەغدا چەند کەسێکمان جیاکراینەوە، ئەوانی تر بەردران، یەک یەک ئێمەیان بردە ژوورێکەوە لەوێ داوایان لە من کرد کەشتێک بنووسم، یەکێکیان گوتی بنووسە ((من بەڵێن ئەدەم کەلە ئێستا بەدواوە کاری سیاسی نەکەم)) دەستی هێنا کاغەزەکەی بەردەستم بەرێتە لای خۆی، منیش دەستم بەسەر کاغەزەکە داگرت و گوتم، ئەمەی ئێوەکردتان فێڵ بوو، من قایل نیم بەم کارە، یەکسەر کاغەزەکەم دڕی و ووردم کرد و فڕێمدا، ئەویش هەڵسا بەشێوەیەک نیازی لێدانی هەبوو، بەڵام لەو کاتەدا عەزیز سباهیان هێنا، شیوعیەکی کۆن و رۆژنامەنووسێکی بەتوانا. ئیتر کابرا دانیشتەوە و هەندێ قسەی کرد و بەیاساوڵەکانی گووت: بیبەنە دەرەوە، منیان برد بۆ گرتووخانەکە، پاش ماوەیەک عەزیز سباهیشیان هێنا، بۆ ئێوارێکەی جیاجیا هەردووکمانیان برد بۆ لێکۆڵینەوە، پاش هەندێک قسەی بێ سەرو بەر منیان بردە ژوورێکەوە، دەستیان کرد بەلێدان و تێهەڵدان و قسەی ناشیرین، ماوەیەک هەتا بێزاربوون، شەو منیان بردەوە بۆ گرتووخانەکە، سەرو گوێلاکم خوێناوی، لەشم هەمووی تێکشکابوو، زۆرم برسی بوو، داوای خواردنم کرد، یەکێک لە هاوڕێکان گووتی: لەم حاڵەشدایت داوای خواردن ئەکەیت؟ گووتم: ژیان وایە، ئەبێ بەردەوام بێ، هەر



بغداد/الموقف العام ١٩٤٨/٢/١٣ الواقفون من اليمين: عبد الله مسعود القريني ،توفيق منير ،كامل القزانجي ،هاشم الواسطي، رشيد بكتاش، محمد صالح السعيد المحامي ،جاسم الجبوري، الياهو حبيب، عبد الحسين جواد الغالب، صالح الحيدري الجالسون من اليمين: منشي،فيصل مهدي، علي الشبيبي، وسطهما من الخلف شاهر الشاوي، عبد اللطيف السعدي، ساسون دلال، جواد مجيد المعمار وخلفهم موريس شاوول

ئینتەرنێت – کاوە ساڵح حەیدەری – ئەرشیفی K21

چینێک لێدان پەلو پۆ بشکێنێ واتە هیچمان نەکرد. چەند ڕۆژێک بەو شێوەیە زیافەتی ئێوارانمان لەلایەن یاساوڵەکانەوە بوو، پاشان ئێمەیان برد بۆ خەلفە ئەلسەدە، وەک باسم کرد ئەو شێوە دامەزراندنەی لە ساڵی 1959-1960دا دامەزرابوو هەرمابوو، ئینجا گوتمان ئۆخەی حەساینەوە، هەر ماوەیەکو بەر ئەبین، بەڵام بەهەڵە چووین، هەر دە دوانزە ڕۆژ جارێک ئەیانبردینەوە بۆ ئەمن، سەرلەنوێ بەزمەکە دووبارە ئەکرایەوە، تێهەڵدان و لێدان و هەڵواسین و لە هەمووی ناخۆشتر قسەکانیان بوو.

ئەمەش ماوەیەکی باشی خایاند، لەو ماوەیەدا ئەبوخالید((عباس بغدادی)) کە نوێنەرمان بوو لە نوگرە بۆ خەلفەلسەدە هێنا، تومەز ئەویش وەک ئێمەی لێقەوماوە لە ئەمنی عامە، هاتنی ئەبوخالید بۆ من زۆر خۆش بوو، ئەو ماوەیە لەوێ خۆشمان گوزەراند. هەرلەو ماوەیەدا ژمارەیەکی زۆر کوردی ناو بەغدا گیران، بەتایبەت لەناودار و فەیلیەکان ئەوانیشیان هێنا بۆ ئەوەی ، وەک حەسەن رفعەت، عەلی کەمال، ڕەشید جەودەت و کەسانێکی تر، قاوشەکە پڕ بوو، بەهەر شێوەیەک بێ جێگا و ڕێگای ئەوانمان کردەوە و زۆر بە باشی خزمەت کران و دەنگ و باسیشمان لە رادیۆیەکی نهێنیەوە وەرئەگرت، ئەوانیشمان ئاگادار ئەکرد. یەکێک لە قسە خۆشەکانی خوالێخۆشبوو کاک ڕەشید جەودەت: ڕۆژێکیان تاقمی ئەوانیان برد بۆ لێکۆڵینەوە، کە هاتنەوە گوتم: کاک ڕەشید پرسیاری چییان کرد؟ گوتی: زۆریان پرسی، بەڵام گوتیان تۆ مانگانە یارمەتی شۆڕشتداوە، منیش گوتم: بەڵێ، تەنها مانگی پێنج دینار چونکە توانای زیاترم نیە. منیش گوتم: بۆ وات گوت؟ گوتی: ئەی درۆ بکەم؟ شەپۆلێک گرتن و توندو تیژی هاتەکایەوە، بۆئەوەی فشار بخرێتە سەر شۆڕشی کورد لە گفتوگۆدا.

پاش چەند مانگێک بڕیاری دوورخستنەوەم بۆ رومادی دەرچوو، بەناوی ئەوەی لەناو شاردابم و وەک دوورخراوە لەژێر چاودێریدا بم.